# وەقایعی کوردستان

## ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

**ژمارە (١٥٠)** **ساڵی دوازدەم** **١٨/تشرینی یەکەم/٢٠١٢ زایینی ٢٦/ڕەزبەر/٢٧١٢کوردی ٢/ ذو الحجة/١٤٣٣کۆچی**


## لەم ژمارەیەدا :

**150**


**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٢** لا ١

یاسای بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لەدەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن لە هەرێمی کوردستان — عێراق

**بڕیاری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٢** لا ٣

قەبوولکردنی وازهێنانی(اسماعیل سعید محمد) لەئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان — عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی تەندروستی** لا ٤

تایبەت بەپێدانی مۆڵەتی کردنەوەی تاقیگەی تایبەت بۆ شیکردنەوەی نەخۆشیەکان

**بەیانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق** لا ١٠

ڕاستکردنەوەی هەڵەی ماددی لە ماددەی (٣/ بڕگەی یازدەهەم ) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ( یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان )

**بەیانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق** لا ١١

ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی ماددی لە ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ (یاسای هەموارکردنی یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ) ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان — عێراق

**بەیانی ژمارە (١٦-١٧-١٨-١٩)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی داد** لا ١٢

**بەیانی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ٥** لا ١٤

**بەیانی ژمارە (٢ - ٣ ) ی ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی پەروەردە** لا ١٦

**بەیانی ژمارە (٦ - ٧ ) ی ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** لا ١٧

**بەیانی ژمارە (٣-٤-٥ ) ی ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی ناوخۆ** لا ١٨

**بەیانی ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار** لا ١٩

گۆڕینی پلەی شارەوانی تەناهی لە پلە (٣) بۆ پلەی (٢)

**بەیانی ژمارە (١٠١-١٠٢-١٠٣-١٠٤-١٠٥-١٠٦-١٠٧-١٠٨-١٠٩-١١٠-١١١-١١٢-١١٣-١١٤-١١٥-١١٦-١١٧-١١٨-١١٩-١٢٠ ) ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی تەندروستی** لا ١٩



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد. .

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٥٠) السنة الثانية عشرة ١٨/تشرين الأول/٢٠١٢ميلادي ٢٦/رەزبەر/٢٧١٢كوردي ٢/ ذو الحجة/١٤٣٣هجري

في هذا العدد:

150

قانون رقم (٩) لسنة ٢٠١٢ ص ٢٧

قانون منح اللقب والترقية العلمية لحملة شهادة الماجستير والدكتوراه للعاملين خارج مؤسسات التعليم العالي في إقليم كوردستان ـ العراق

قرار رقم (١٢) لسنة ٢٠١٢ ص ٢٩

قبول استقالة (اسماعيل سعيد محمد) من عضوية برلمان كوردستان — العراق

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٢ وزارة الصحة ص ٣٠

الخاصة بمنح إجازات فتح المختبرات الاهلية للتحليلات المرضية

بيان برلمان كوردستان — العراق ص ٣٥

خطأ مادي في المادة (٣/حادي عشر) من القانون رقم (٦) لسنة ٢٠٠٩ ( قانون وزارة الداخلية لأقليم كوردستان — العراق )

بيان برلمان كوردستان — العراق ص ٣٦

خطأ مادي في المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٢ (قانون تعديل تطبيق قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم(٣٩)لسنة ١٩٧١ المعدل في اقليم كوردستان العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

بيان رقم (١٦-١٧-١٨-١٩) لسنة ٢٠١٢ وزارة العدل ص ١٢

بيان / (٥) لسنة ٢٠١٢ وزارة المالية و الاقتصاد ص ١٤

بيان رقم (٢-٣) لسنة ٢٠١٢ وزارة التربية ص ١٦

بيان (٦-٧) لسنة ٢٠١٢ وزارة الاوقاف والشؤون الديينية ص ١٧

بيان (٣-٤-٥) لسنة ٢٠١٢ وزارة الداخلية ص ١٨

بيان وزارة بلديات و السياحة ص ١٩

بيان رقم (١٠١-١٠٢-١٠٣-١٠٤-١٠٥-١٠٦-١٠٧-١٠٨-١٠٩-١١٠-١١١-١١٢-١١٣-١١٤-١١٥-١١٦-١١٧-١١٨-١١٩-١٢٠) لسنة ٢٠١٢ وزارة الصحة ص ١٩

**No.:150 Date: October, 18, 2012 Vol.: 12**

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٨٩٨٩-٠٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ٢٠ ) ساڵی٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣) لە ١٧/ ٩/ ٢٠١٢ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٩ )ی ساڵی٢٠١٢

## یاسای بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراکە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان ئەو بڕوانامەیەی هاوتایانە کە لە فەرمانگەو دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، لە دەرەوەی فەرمانگەو دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کار دەکات، مافی بۆ وەرگرتنی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان ئەو بڕوانامەیەی هاوتایانە کە لە کەرتی تایبەت کار دەکات مافی وەرگرتنی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە پێڕەوێکی تایبەت دەربکات بۆ بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ، بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی یەکەم (یەکەم)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە شایستەی دەرماڵەی نازناوی زانستین بەپێی ئەو پێڕەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعـود بـارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردستـان – عێراق**

**هەولێر :**
٧/ تشرینی یەکەم /٢٠١٢ ی زایینی
١٥/ رەزبـەر/ ٢٧١٢ ی کـوردی
٢١/ ذو الـقـعدة / ١٤٣٣ ی کـۆچی

## هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

بەمەبەستی هاندان و پەرەپێدانی داهێنان و توێژینەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە هەرێمی کوردستان و مسۆگەر کردنی مافەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بڕیاری**

**ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٢**

پشت بە حوکمی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٤٣) چل و سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو ، پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٢/١٠/٨ یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :-

**یەکەم:** قەبووڵکردنی وازهێنانی(اسماعیل سعید محمد) لەئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٢/١٠/٨ وە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) یشدا بڵاودەکرێتەوە .

**د.ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

وەزارەتی تەندروستی

## رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٢
## تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی تاقیگەی تایبەت بۆ شیکردنەوەی نەخۆشیەکان

پاڵپشت بە هەردوو ماددەی (٨٨) و(١٠٥)ی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨١)ی ساڵی ١٩٨١ هەموارکراو بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

**ماددەی یەکەم :-**

مۆڵەتی کردنەوەی تاقیگە لەلایەن لیژنەی پێدانی مۆڵەتی تاقیگەی تایبەت دەدرێت کەلە وەزارەت پێکهێنراوە.

**ماددەی دووەم :-**

مۆڵەتی کردنەوەی تاقیگە دەدرێت بە هەڵگر یا دوو لە هەڵگرانی مۆڵەتی کارکردن لە تاقیگە بەلایەنی کەم لە دوو پسپۆریەکان لە پسپۆریەکانی تاقیگەی کلینیکی کە لە خوارەوە هاتوون یا لە یەکێك لە بەشەکانی. بەلام لە پارێزگاو شارۆچکەکانی کە لەیەك پسپۆری زیاتر بەردەست نیە ئەوا دەکرێ مۆڵەتی کردنەوەی تاقیگە بۆ یەك پسپۆری بدرێت.

پسپۆریەکانی تاقیگە ئەمانەن:

١- نەخۆشیەکانی خوێن

٢- نەخۆشیەکانی شانەکان و شێکردنەوەی خانە.

٣- کیمیای کلینیکی

٤- وردەزیندەوەرزانی پزیشکی

٥- بەرگری کلینیکی

٦- یا هەر پسپۆریەکی تر لە پسپۆریە سەرکیەکانی کاری تاقیگە کە وەزارەت لە داهاتوودا پەسەندی دەکات.

**ماددەی سێیەم :-**

مۆڵەتی پیشەکاری تاقیگە بەگوێرەی ئەم پەیرەوانەی خوارە دەدرێت بە :-

١- هەڵگری بڕوانامەی بۆرد( ئەمریکی ، عربی ، عێراقی یا کوردی) یا ئەندامێتی کۆلیژی شاهانەی بریتانیای بۆ پاسۆلۆجی هەبێت یا هەر بڕوانامەیەکی پیشەیی هاوتایان بێت و لە دوو بەش لە بەشە سەرەکیەکانی تاقیگە مۆلەتی پێدەدرێت بە مەرجێ کە بۆ ماوەی ساڵێك پیشەکاری کرداری هەبێت پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی.

٢- هەڵگری بڕوانامەی پیشەیی دبلۆمی باڵا لە زانستی نەخۆشیە کلینیکیەکان یا بڕوانامەیەکی هاوتا کە لە دوو بەش زیاتر لە بەشە سەرەکیەکانی تاقیگە مۆڵەتی پێنەدرێت ، بەمەرجێ پیشەکاری کرداری هەبێ بەلایەنی کەم بۆ ماوەی ساڵێکی بەهێزکردن بۆ هەر بەشێك پاش وەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم بە گوێرەی پزیشکان و دووساڵی پیشەکاری بەهێزکردن بۆ هەر بەشێك بۆ ئەوانەی تر.

٣- هەڵگرانی بڕوانامەی ئەکادیمی باڵا ( دکتۆرا یا ماستەر ) یا هاوتایان ( بۆ پزیشکان و پزیشکانی ئاژەڵان و دەرمانسازان و دەرچوانی کۆلیجی زانستی بەشی کیمیا و ووردەزیندەوەرزانی) لە یەکێك لە پسپۆریە سەرکەیەکانی تاقیگەی کلینیکی ئەوا لە بەشی پسپۆری خۆی مۆڵەتی پێدەدرێ بەمەرجێ پیشەکاری کرداری هەبێت لە بابەتی پسپۆریەکەی بۆ ماوەی یەك ساڵی بەهێزکردن بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و دوو ساڵیش بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر پاش بە دەستهێنانی بڕوانامەی بالاکەی کاتێك:

أ- لێژنەی هونەری پسپۆر لە وەزارەت پاڵپشتی دەکات کە ئەتروحەی پێشکەش کراو لە لایەن هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یا ماستەر پەیوندی هەیە بە بەشەکانی تاقیگەی کلینیکی هەریەکە و یان لە بواری پسپۆری خۆی .

ب- لێژنەی هونەری پسپۆر لە وەزارەت پاڵپشتی وەدەستهێنانی شارەزایی زانستی و شارەزایی کرداریان دەکات بۆ هەلسان بە کارەکانی پسپۆریەکانیان بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی تیۆری و کردەیی و لە باری سەرنەکەوتنی پێشەکەشکار بۆ وەدەستهێنانی مۆلەت تەنها دوو جار بواری بۆ دەرەخسێندرێ هەر شەش مانگ جارێك بۆ سەرکەتنی لەم هەڵسەنگاندنە.

٤- بۆ دەرچوانی خولەکانی تاقیگە ئەوانەی پیشەکاری کارەکانیان بوینە لەتاقیگاکان وەك خوارەوە:-

أ- دەرچوانی خولەکانی پزیشکانی دێرین لە تاقیگاکان کە ماوەکەی لە یەك ساڵی بەهێزکردن کەمتر نییە و مۆڵەتی تەنها لە دوو بەش پێدەدرێت و پاش کاری کرداریانە لە بواری کارەکەیان ماوەی لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت بۆ هەر بەشێك پاش خولەکە و پاش هەڵسەنگاندنی تیۆری و کرداری و گەر سەرنەکەوت لە هەلسەنگاندنی تیۆری و کرداری ئەوا پێشکەشکار بۆ بەدەستهێنانی مۆلەت تەنها دوو بواری بۆ دەرەخسێنرێ هەرشەش مانگ جارێك بۆ بڕینی هەلسەنگاندنەکە بەسەرکەوتوویی.

ب- دەرچــوانی خولــەکانی تاقیگــە لــە دەرچــوانی کۆلیــژی زانــستی بەشــەکانی کیمیــا و ووردەزیندەوەرزانی وەزارەت کە ماوەکەی لە یەك ساڵی بەهێزکردن کەمتر نیە وە پاش پیشەکاری کرداری لە تاقیگاکان لە بواری کارەکەیان پاش خولەکە کە ماوەکەی لە دووساڵ کەمتر نــەبێ پاش هەلسەنگاندنی تیۆری و کرداری و لە باری سەرنەکەوتنی پێشکەش کار بۆ بەدەست هێنانی مۆلەت دوو هەڵی تری پێدەدرێت بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە هەر شەش مانگ جارێك وە تەنها لە یەك بەش مۆلەتی پێدەدرێت.

٥- وەزیر بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی باڵای تاقیگاکان چاو بخشێنێتەوە بە پێدانی مۆلــەتی پیشەکاری تاقیگە لە بەشێك لە بەشەکانی تاقیگا بۆ ئەو پیشەکارانەی کە خولی تاقیگاکانیان تێنەپەراندووە و ئەوانەی کە لیژنەی هونەری تایبەتمەند هەڵدەستێ بە هەڵسەنگاندنی تیۆری و کرداریيان ئەمەش بە هەڵبژاردنیان بۆ وەدەستهێنانی مۆلەتی کردەی پیشە بەمەرجێك ماوەی کارکردنیان بۆ پزیشکان و دەرمانسازان لە هەشت ساڵ کەمتر نەبێ و بۆ دەرچـوانی کۆلیــژی زانستی بەشی کیمیا و ووردە زینەدەوەرزانی دە ساڵ کەمتر نەبێ وە لە باری دەرنەچوونی دوو هەڵی تری پێدەدرێت بۆ دەرچوونی لەم هەلسەنگاندنە.

٦- مــاوەی کــاری پیــشەیی کردەیــی لــە تاقیگــا بــەر لــە بەدەســتهێنانی بڕوانامــەی بــاڵا یا ئەوانەی پیشەکاری کردەی بووینە لە تاقیگاکان بەر لە تێپەراندنی خولی تاقیگاکان ئەژمار دەکرێ بۆ مەبەستی پێـدانی مۆلــەتی کــاتێ لــە نیــوەی مــاوەی داواکــراو بــۆ پیــشەکاریەکە زیاتر نەبێت.

٧- مۆلەتی پیشەکاری تاقیگە نادرێت بە دەرچوانی کۆلیژی پــەروەردە بــە هــەموو بەشــەکانیەوە بەگوێرەی ماددەی (٨٨) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە ٨٩ ی ساڵی ١٩٨١ هەمموارکراو و یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسای پلەدارکردنە وەزیفییەکانی دەرچـوانی کـۆلیجی زانستەکان (بەشی کیمیا و بایۆلۆجی) لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

٨- سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی بالا لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا و توێژینــەوەی زانستی دەبێت پیشەکاری راستەقینەی هەبووبێ لە تاقیگاکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بۆ ماوەی ساڵێك پاش بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتــۆرا و دوو ســاڵ ســەبارەت بــە هــەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر.

**ماددەی چوارەم:-**

مۆلەتی خەریك بوون بە کاری تاقیگەیی نادرێت لە بەشــەکانی نەخۆشــیەکانی شــانە و پــشکنینی خانەیی تەنها بە پزیشکان نەبێ کە هەموو ئەو مەرجانەیان تیایە کە لەم رێنماییە هاتووە .

**ماددەی پێنجەم :-**

مەرجە لەسەر داواکاری مۆڵەتی پیشەکاری تاقیگەیی کەوا :-

١- مۆڵەتی پیشەکاری پیشەیی هەبێت لە سەندیکای تایبەتمەند یا لە وەزارەت بۆ ئەوانەی سەندیکایان نیە.

٢- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

**ماددەی شەشەم :-**

ڕێگە نادرێت بە مۆڵەت پێدراو بۆ کردنەوەی تاقیگە کارێکی پیشەیی تر بکات کە بڕوانامە زانکۆییەکەی ڕێگەی پێ دەدات کە بەدەستی هێناوە لە شوێنێکی تر.

**ماددەی حەوتەم :-**

نابێ تاقیگە بکرێتە تەنها لە سەنتەری پارێزگا یا شارۆچکەکەی کە مۆڵەت پێدراوی بەیانیان کاری تیادا دەکات، گەر مۆڵەت پێدراو خانەنشین کرابوو ئەوا دەبێ مۆڵەت پێدراو لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی کار بکات بەپشتگیری لایەنە فەرمیەکان.

**ماددەی هەشتەم :-**

ڕێگە نادرێت تاقیگە شێکردنەوەی نەخۆشی ئەنجام بدات بەدەر لەو بەشانەی کە مۆڵەتی پێدراوە کە ئەم بەشانە دەبێ لەسەر لافیتەوە چاپکراوەکانی تاقیگە نووسرابێت و لیستێك بەو شێکردنەوانەی ڕێگەی پێدراوە لەگەڵ نرخەکانیان هەڵواسرا بێت لە شوێنیکی بەرچاوی تاقیگەکە.

**ماددەی نۆیەم :-**

لەکاتی ئامادەنەبوونی خاوەنی مۆڵەت لە تاقیگاکەی دەبێ لایەنی تایبەتمەند لە وەزارەت ئاگاداربکاتەوە بە نووسین وە کاتێ ئارەزووی بەردەوامی نەبوو لەکارکردن لەتاقیگا دەبێ جێگرەوەیەك لە شوێنی خۆی دابنێ لەوانەی مۆڵەتیان هەیە بەهەمان پسپۆری و ڕەزامەندی لایەنی تایبەتمەند لە وەزارەت بەدەست بهێنێ و بە پێچەوانەی ئەوە دەبێ تاقیگاکەی دابخات بە درێژایی ئامادەنەبوونی .

**ماددەی دە :-**

دەبێ لەشوێنی کارکردن هەموو ئامێر و ماددەکانی تاقیگەی هەبێ کە ئەوەی پێویستن بۆ ئەو بەشانەی پسپۆری تیادا هەیە کە وەزارەت دیاری دەکات بە گوێرەی ماددەی (٨٩ ) و (١٠٥ ) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩ ) ساڵی ١٩٨١ی هەموارکراو .

**ماددەی یازدە :-**

ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ دەکرێ بەسەر کارمەندانی تاقیگاکانی نەخۆشخانە تایبەتیەکان یا هەر تاقیگایەك کە پشکنینی تاقیگەیی کلینیکی ئەنجام دەدات بەرامبەر بە نرخێك.

**ماددەی دوانزە:-**

لیژنەی باڵای زانستی تاقیگاکان لە وەزارەت هەڵدەستێ بە دەستنیشان کردنی تاقیگا دانپیاهێنراوەکان و ئەوانەی شارەزایی زانستی پزیشکیان هەیە و بۆ پیشەکاری پسپۆڕێتی یا کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەسەر پشکنینە کلینیکیەکانی نەخۆشی.

**ماددەی سێزدە:-**

لە باری داخستنی تاقیگا بە هۆی گۆڕینی ئەو شوێنەی کە وەك تاقیگە دانراوە یا بەهۆی لێك جیابوونەوەی هاوبەشان، دەبێ معامەلەیەکی نوێ بۆ کردنەوەی مختبر پێشکەش بکرێت بۆ ئەو شوێنەی بەکاردێ وەك تاقیگا یا لەگەڵ هاوبەشە نوێیەکان و دووبارە ئەنجامدانی پشکنینی سەرەتای و لاوەکی پاش تێپەربوونی (٤٥ ) چل و پێنج ڕۆژ لەسەر لێك جیابوونەوەی هاوبەشیەکە یا گۆڕینی شوێنی پێشوو .

**ماددەی چواردە:-**

مۆڵەتی تاقیگە هەموو دووساڵ جارێك لە مانگەکانی کانونی دووەم و شوبات لە بەشی تاقیگاکان لە وەزارەت نوێ دەکرێتەوە.

**ماددەی پازدە:-**

لەم بارانەی خوارەوە بۆ وەزیر هەیە بە گوێرەی ئەم ڕێنماییانە مۆڵەتەکان هەڵوەشێنێتەوە :

**یەکەم :** گەر دەرکەوت کەوا مۆڵەتەکە دراوە لەسەر بنەمای زانیاری ناتەواو.

**دووەم :** نەمانی مەرجێك لەو مەرجانەی کە لەرێگەیەوە مۆڵەتەکەی پێدراوە.

**سێهەم:** گەر هەڵگری مۆڵەت مەرجی یاسایی تیادا نەما.

**ماددەی شازدە: -**

خاوەنی تاقیگا بەرپرسیارە لەسەر کارەکان لە تاقیگاکەی دەبێ ڕەچاوی ئەمانەی خوارە بکات:-

**یەکەم:** وابەستە بوون بە ڕەوشتی پیشەکە و لانەدان لە یاسا و پێڕەوەکان.

**دووەم:** ئەنجام نەدانی ئەو پشکنینانەی کە ڕێگە نەدراوە بە ئەنجام دانیان.

**سێیەم:** پەیوەست بوون بە نرخی شیکردنەوە تاقیگەییەکانی لە وەزارەت دانراوە.

**چوارەم:** تاقیگە نابێ بەکاربهێنرێت تەنها بە ئامانجی تاقیگەیی دەستنیشانکردەی پزیشکی.

**ماددەی حەڤدە:-**

سەرپێچی کار ئەو سزایانەی بەسەردا دەسەپێنرێ کە لە ماددەکانی (٨٩) و (٩٦)ی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە ٨٩ ی ساڵی ١٩٨١ی هەموارکراو دا هاتوون .

**ماددەی هەژدە:-**

هەموو رێنماییەکانی تایبەت بە تاقیگاکان کە پێشتر دەرچووینە لادەبرێن و ئەم رێنمایەش لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) جێ بەجێ دەکرێ.

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە : ٥٦٧٨ لە ٢٠١٢/١٠/٩**

## بەیان

پشت بەحوکمی مادده (٨) ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) و لە بەر ئەوەی هەڵەیەکی ماددی لە ماددەی (٣/ بڕگەی یازدەهەم ) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ( یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ) روویداوە ، هەڵەکەش ئەمەی خوارەوەیە :

**یازدەهەم :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان .

بۆیە بە پێویست زانرا بەم شێوەیە ڕاست بکرێتەوە :

**یازدەهەم :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان .

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە : ٥٧٩٤ لە ٢٠١٢/١٠/١٦**

## بەیان

پشت بەحوکمی ماددە (٨) ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای بلاّوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) و لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی ماددی لە ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ (یاسای هەمواركردنی یاسای پیادەكردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی كۆمەڵایەتی كرێكاران) ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق روویداوە .

هەڵەكەش بەم شێوەیە :

- هەردوو ماددەی (یازدەم و دوازدەم) وەك بەشێكی تەواوكراو بۆ یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١) جێبەجێ دەكرێت و لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا كاری پێدەكرێت .

بۆیە بە پێویست زانرا بەم شێوەیە ڕاست بكرێتەوە :

- هەردوو ماددەی (نۆیەم و دەیەم ) وەك بەشێكی تەواوكراو بۆ یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١) جێبەجێ دەكرێت و لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا كاری پێدەكرێت .

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

وەزارەتـــی داد

## بەیان ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم/ بڕگەی دوو ) لە یاسای وەزارەتی دادژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە : -

- کردنەوەی فەرمانگەی دادنووس لە ناحیەی ( شۆرش )

## بەیان ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم/ بڕگەی دوو ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمـارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە : -

- گۆرینی ناوی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کـەلار بـۆ بەرێوەبەرایـەتی تۆمـارکردنی خانووبەرەی گەرمیان .

**شـێروان حەیدەری**

**وەزیـــری داد**

**وەزارەتـــی داد**

## بەیان ژمارە( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / برگەی دوو ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بریارماندا بە :-

- کردنەوەی فەرمانگەی دادنووس لە ناحیەی (بارزان) ٠

## بەیان ژمارە ( ١٩ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لەیاسـای وەزارەتـی داد ژمـارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بریارماندا بە: -

- گواستنەوەی هەردوو تێبینەرایەتی قەزاکانی (پێنجوێن و سـەید صـادق) لەسـەر بەرێوەبـەراتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی سلێمانی بۆ سەر بەرێوەبەراتی تۆمارکردنی خانوبەرەی هەڵەبجە .

**شـێروان حەیدەری**

**وەزیـــری داد**

## وەزارەتـــی دارایــی و ئــابــووری

### بەیان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەری و ئەندازە ) لە دهۆك سەر بە دیوانی وەزارەت .

### بەیان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لەیاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) بریارماندا بە :-

- گۆرینی ناوی ( بەرێوەبەرایەتی سندوقی نیشتەجێ کردن ) لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی بۆ ( بانکی سندوقی نیشتەجێ کردن ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی بانکە پسپۆریەکان ٠

### بەیان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لەیاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) بریارماندا بە :-

- کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی ئامێدی .

**بایز سەعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

وەزارەتـــی دارایــی و ئــابــووری

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لەماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی بانکی بازیان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە ناحیەی بازیان .

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لەماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگەی ئەیلول ) لە هەولێر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین .

**بـایز سەعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئـابووری**

## وەزارەتـــی پــەروەردە

### بەیان ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە برگەی (٣)ی ماددەی (٢٢) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمووارکراو بڕیارماندا :-

- بەکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکی پەروەردە بەناوی ( بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار ) سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٩/١٨ .

### بەیان ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە برگەی (٣)ی ماددەی (٢٢) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمووارکراو بڕیارماندا :-

- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای دهۆك کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆکە بکرێت بە دوو بەڕێوەبەرایەتی بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژهەڵات) و( بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆکی رۆژئاوا ) .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٧ .

**د. عصمت محمد خالد**

**وەزیری پەروەردە**

## وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

### بەیان ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگە دووەم) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ، بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شێخان لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شاری دهۆك .

٢- هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شێخان

٣- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێ لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٤ .

### بەیان ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم /بڕگە دووەم ) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بڕیاماندا بە :-

- کردنەوەی بەشی کاروباری یاسایی و بەشی ئۆتۆمبیلە میرییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە دیوانی وەزارەت .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێ لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٧ .

**کامل حاجی علی**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

وەزارەتـــی ناوخۆ

## بەیان ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٢

پاڵپشت بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی (٢٦٠٣٥ لە ٢٠١٢/٩/٢٠ ) ونووسراوی ئیدارەی راپەرین ژمارە (١٧٦ لە ٢٠١٢/٦/٧ ) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندابە :-

- دابەزاندنی گوندی قەرەنیاغا لە سنووری ناحیەی چوار قورنە قەزای رانیە لە پارێزگای سلێمانی لە سەر نەخشەی کادسترۆ بەپێی نەخشەی دیارکراو و تەرخانکردنی رووبەری دیارکراو لە نەخشەکەدا بۆ گوندەکە بەپێی یاساکاری کوژاندنەوەو دەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێ لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١ .

## بەیان ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٢

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٥٣٥ لە ٢٠١٢/٩/١٣ ) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

- دابەزاندنی گوندی (الی بزاو ) لە سنوری ناحیەی بازیان لە پارێزگای سلێمانی لەسـەر نەخـشەی کادسترۆ و تەرخان کردنی رووبەری دیاری کراو لە نەخشەی هاوپێچی نوسراوی سەرەوە بەپێی یاسا کاری کوژاندنەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێ لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١ .

## بەیان ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٢

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٧٣٧٣ لە ٢٠١٢/٩/١٧ ) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

- پەسندکردنی حەرمی نوێ ی گوندی ( وادی الغراب ) لە سنوری قەزای مەخمور لەسەر پارچە زەوی ژمارە ( ٩ ) بە رووبەری ( ٦٤ ) دۆنم کە لە نەخشەی هاوپێچی سەرەوە دیاری کراوە .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێ لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١ .

**شێروان حەیدەری**
**وەزیری ناوخۆ / بەوەکالەت**

**وەزارەتــی شارەوانی و گەشت وگوزار**

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی دەیەم / بڕگەی یەکەم ) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو وەگەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارەوانی تەناهی لەسنووری شارەوانیەکانی دهۆك بۆ (١٧٠٣٠) کەس ، بریارماندا بە :-

١- گۆرینی پلەی شارەوانی تەناهی لە پلە (٣) بۆ پلەی (٢)

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان) جێ بە جێ دەکرێت

**ئەندازیار**
**دلشاد شهاب حاجی**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**وەزارەتـــی تەندروستــی**

## بەیان ژمارە (١٠١)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم /بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی شەهید محمد صالح بوتی) لە پارێزگای دهۆك سەر بەبەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/٩ .

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتـــی تەندروستـــی

### بەیان ژمارە (١٠٢)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆرینی (یەکەی میلاك) بۆ (هۆبەی میلاك) کە پێك دێت لەم سێ یەکەی خوارەوە کە ئاماژەی پێکراوە ، سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك :

١- یەکەی بوودجە .

٢- یەکەی میلاك .

٣- یەکەی پێزانین .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/٩ .

### بەیان ژمارە (١٠٣)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم /برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (هۆبەی چاودێریکردنی دەرمانخانە و کۆگا ئەهلیەکان و کۆمپانیای هێنانی دەرمان ) لە گشت بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی ٠

- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/١٩.

### بەیان ژمارە (١٠٤)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم /برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆرینی (مەڵبەندی تەندروستی گرتن وگواستنەوەی ناو شاری سلێمانی) بۆ (مەڵبەندی تەندروستی ٢٤ کاتژمێری ) سەر بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی

- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/١٩.

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتـــی تـەندروستـــی**

## بەیان ژمارە ( ١٠٥ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆڕینی (ناوی هۆبەی رۆشنبیری تەندروستی) بۆ (پتەوکردنی تەندروستی) لەگشت بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/١٩ .

## بەیان ژمارە ( ١٠٦ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (سەنتەری پزیشکی) لەناو بینایەی کۆلێژەکان (کۆلێژی کارگێری ، ئەندازیاری ، هونەر، زانستی ، پەروەردەی بنەرەتی ، وەرزش ) سەر بە رێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/٢٤.

## بەیان ژمارە ( ١٠٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دوو ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە : -

- کردنەوەی ( هۆبەی ڕاوێژکاری چاو ) لە ناو نەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ بۆ چاو و مێشك و دەمار سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/٢٦.

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتـــی تەندروستـــی**

## بەیان ژمارە (١٠٨)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلأتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دوو ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە : -

- گۆڕینی ( هۆبەی وردبینی ) بۆ ( بەشی وردبینی ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٩/٢٦ .

## بەیان ژمارە (١٠٩)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلأتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی چمە ) لە جۆری ( C ) لە (گوندی چمە / ناحیەی روڤیا / قەزای بەردەڕەش) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣ .

## بەیان ژمارە (١١٠)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلأتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( نەخۆشخانەی ئافرەتان و منداڵ بوون ) لە پارێزگای دهۆك ، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣.

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتـــی تەندروستـی**

## بەیان ژمارە (١١١)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی جەمبور ) لە جۆری ( C ) لە (گوندی جەمبور/ ناحیەی فایدە / قەزای سمێل) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣.

## بەیان ژمارە (١١٢)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣.

## بەیان ژمارە (١١٣)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی دوغاتا ) لە جۆری ( C ) لە (گوندی دوغاتا / ناحیەی ئەلقوش / قەزای تلکیف) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتـــی تەندروستـــی

## بەیان ژمارە ( ١١٤ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی بوزان ) لە جۆری ( C ) لە (گوندی بوزان / ناحیەی ئەلقوش/ قەزای تلکیف) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣.

## بەیان ژمارە ( ١١٥ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی کانی گل ) لە جۆری ( C ) لە گوندی کانی گل / ناحیەی قەسرۆك قەزای شێخان سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك ٠
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣.

## بەیان ژمارە ( ١١٦ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

(یەکەی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت ) ڕاستەوخۆ سەر بەجەنابی وەزیر

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٥

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتـــی تەندروستـــی

### بەیان ژمارە ( ١١٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- گۆرینی (بنکەی تەندروستی شەهید لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە ) بـۆ (سـەنتەری ڕاوێـژکاری شەهید لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە)لە پارێزگـای هـەولێر سـەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی تەندروستی هەولێر
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/١٠/١٥ .

### بەیان ژمارە ( ١١٨ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (یەکەی چاکسازی سیستەمی تەندروستی ) ڕاستەوخۆ سەر بە جەنابی وەزیر .
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٤

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتـــی تەندروستـــی

### بەیان ژمارە ( ١١٩ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- گۆرینی (هۆبەی گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی راپـەرین ) بـۆ (هۆبـەی کـۆنترۆلی عەمبارەکان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی راپەرین .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/١٠/١٥ .

### بەیان ژمارە ( ١٢٠ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (نووسینگەی لەدایك بوون و مردن) لە هەردوو قەزای سەید صادق و شارەزوور سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٥

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسه الاقليم**
**الرئيس**

**بأسم الشعب**

**قرار**

**رقم ( ٢٠ ) لسنة ٢٠١٢**

وفقا للصلاحيات الـممنوحة لنا في الفقرة الأولى من الـمادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ الـمعدل و بناءاً على ما شرعه برلـمان كوردستان – العراق في جلسته الـمرقمة (٣) في ٢٠١٢/٩/١٧ قررنا إصدار:

## قانون رقم ( ٩ ) لسنه ٢٠١٢
## قانون منح اللقب والترقية العلمية لحملة شهادة الـماجستير والدكتوراه للعاملين خارج مؤسسات التعليم العالي في إقليم كوردستان ـ العراق

**الـمادة الأولى:**

**أولاً:** لحامل شهادة الـماجستير أو الدكتوراه أو ما يعادلهما العامل في الدوائر والـمؤسسات الرسمية في إقليم كوردستان خارج دوائر ومؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلـمي الحق في الحـصول على اللقب العلـمي والترقية العلـمية وفق أحكام هذا القانون.

**ثانياً:** لحامل شهادة الـماجستير أو الـدكتوراه أو مايعادلهمـا العامـل لـدى القطـاع الخاص الحـق في الحصول على اللقب العلـمي والترقية العلـمية وفق أحكام هذا القانون.

**الـمادة الثانية:**

على مجلس الوزراء اصدار نظام خاص لمنح اللقب العلمي والترقية العلمية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.

**الـمادة الثالثة:**

يستحق الـمشمولون بأحكام الـمادة الأولى (أولاً) من هذا القـانون مخصـصات اللقـب العلــمي وفـق النظام الذي يصدر من مجلس الوزراء.

**المادة الرابعة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان - العراق**

**هەولێر**

٧/ تشرين الأول /٢٠١٢ ى ميلادي
١٥/ رەزبەر/ ٢٧١٢ ى كوردي
٢١/ ذو القعدة/١٤٣٣ ى هجري

**الأسباب الموجبة**

بغية تشجيع وتطوير الابداع والبحث العلمي لحملة شهادة الماجستير والدكتوراه في إقليم كوردستان وضمان حقوقهم بشكل عادل، شرع هذا القانون.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**برلـمان كوردستان – العراق**

## قرار

## رقم (١٢) لسنة ٢٠١٢

استناداً لحكم الفقرة (٢) من الـمادة (٤٣) الثالثة والاربعون من قانون انتخاب برلـمان كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ الـمعدل ، قرر برلـمان كوردستان – العراق في جلسته الـمنعقدة بتاريخ ٢٠١٢/١٠/٨ الآتي :

**أولاً** : قبول استقالة (اسماعيل سعيد محمد) من عضوية برلـمان كوردستان – العراق .

**ثانياً** : ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٢/١٠/٨ وينشر في الجريدة الرسمية وقايع كوردستان .

**د. ارسلان بايز اسماعيل**

**رئيس برلـمان كوردستان – العراق**

## تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٢
## الخاصة بمنح إجازات فتح المختبرات الاهلية للتحليلات المرضية

إستناداً الى احكام المادتين (٨٨) و (١٠٥) من قانون الصحة العامة رقم (٨٩) لسنة ١٩٨١ المعدل قررنا إصدار التعليات التالية :

**المادة الأولى :-**

تمنح إجازة فتح المختبر من قبل لجنة منح إجازة المختبر الاهلى المشكلة في الوزارة .

**المادة الثانية :-**

تمنح إجازة فتح المختبر للحاصل أو الحاصلين على إجازة ممارسة العمل المختبرى في إختصاصين على الاقل من الاختصاصات المختبرية السريرية أدناه أو احد فروعها أما في المحافظة أو القضاء التي لا يتوفر فيها أكثر من إختصاص واحد فيجوز منح إجازة فتح المختبر لاختصاص واحد .

الاختصاصات المختبرية هى :-

١- أمراض الدم .

٢- النسيج المرضى و التشخيص الخلوى .

٣- الكيمياء السريرية .

٤- الاحياء المجهرية الطبية .

٥- المناعة السريرية .

٦- أى إختصاص آخر من الاختصاصات الرئيسية في العمل المختبرى تقره الوزارة مستقبلاً .

**المادة الثالثة :-**

**تمنح إجازة مما رسة العمل المختبرى وفق الضوابط التالية :-**

١- الحاصل على شهادة البورد ( الامريكى و العربى و العراقى و الكردى ) أو عضوية الكلية الملكية البريطانية للباثولوجيين أو ما يعادلهما من الشهادات المهنية و يجاز في فرعين من الفروع المختبرية الرئيسية بشرط أن يكون له ممارسة عملية بعد حصوله على الشهادة لمدة سنة واحدة.

٢- للحاصل على شهادة مهنية في علم الامراض السريرى بدرجة دبلوم عالى او ما يعادلها على أن لا يجاز بأكثر من فرعين من الفروع المختبرية الرئيسية بشرط ان يكون له ممارسة عملية في مختبرات الممارسة لمدة سنة تقويمية واحدة على الاقل لكل فرع بعد حصوله على شهادة الدبلوم بالنسبة للأطباء و سنتين تقويميتين من الممارسة في كل فرع لغير الاطباء.

٣- للحاصل على شهادة أكاديمية عليا ( دكتورا ه أو ماجستير ) أو ما يعادلهما ( للأطباء و ألاطباء البيطريين و الصيادلة و خريجى كلية العلوم فرعى الكيمياء و الاحياء المجهرية ) في أحد الاختصاصات المختبرية السريرية الرئيسية فيجاز في فرع تخصصه على أن يكون له ممارسة فعلية و عملية في موضوع إختصاصه في مختبرات الممارسة لمدة لا تقل عن سنة تقويمية واحدة لحاملى شهادة الدكتوراه و سنتان لحاملى الماجستير بعد الحصول على الشهادة العليا على أن :-

أ- تؤيد اللجان الفنية المختصة في الوزارة بأن الاطروحة المقدمة من قبل الحاصل على شهادة الدكتوراه أو الماجستير لها علاقة بالاختصاصات المختبرية السريرية كل في تخصصه .

ب- تؤيد اللجنة الفنية المختصة في الوزارة حصولهم على الخبرة العلمية و العملية اللازمة لممارسة إختصاصهم بموجب تقييم نظرى و عملى وفي حالة فشله يمنح المتقدم للحصول على الاجازة فرصتين فقط لاجتياز هذا التقييم مرة كل ستة اشهر.

٤- لخريجى الدورات المختبرية للذين مارسوا أعمالهم في مختبرات الممارسة كما يلى :-

أ- خريجوا دورات الاطباء المقيمين الاقدمين في المختبرات و التى لا تقل مدتها عن سنة تقويمية و يجاز بفرعين فقط و بعد ممارسة فعلية في مجال عملهم لمدة لا تقل عن سنة واحدة لكل فرع بعد الدورة و بموجب تقييم نظرى و عملى و في حالة فشله يمنح المتقدم للحصول على الاجازة فرصتين فقط لإجتياز هذا التقييم كل ستة أشهر .

ب- خريجوا الدورات المختبرية في الوزارة من خريجى كلية العلوم فرعى الكيمياء و الاحياء المجهرية و التى لا تقل مدتها عن سنة تقويمية واحدة و بعد ممارسة فعلية و عملية من مختبرات الممارسة في مجال عملهم بعد الدورة لمدة لا تقل عن سنتين و بموجب تقييم نظرى و عملى وفي حالة فشله يمنح المتقدم للحصول على الإجازة فرصتين فقط لاجتياز هذ ا التقييم مرة كل ستة أشهر و يجاز بفرع واحد فقط .

٥- للوزير و بنائاً على إقتراح من اللجنة العليا للمختبرات النظر في منح إجازة ممارسة العمل المختبرى في فرع واحد من الفروع المختبرية للممارسين اللذين لم يجتازوا دورة المختبرات و اللذين تقيمهم اللجان الفنية المختصة نظرياً و عملياً و ذلك بترشيحهم للحصول على إجازة ممارسة المهنة على أن لا تقل فترة ممارستهم عن ثمانى سنوات بالنسبة للأطباء و الصيادلة وعشرة سنوات بالنسبة لخريجى كلية العلوم فرعى الكيمياء و الاحياء المجهرية وفي حالة فشله يمنح المتقدم للحصول على الاجازة فرصتين فقط لإجتياز هذا التقييم .

٦- تحتسب مدة الممارسة الفعلية في مختبرات الممارسة قبل الحصول على الشهادة العالية أو اللذين لديهم ممارسة فعلية في مختبرات الممارسة قبل إجتيازهم دورة المختبرات لأغراض منح الاجازة على أن لا تزيد على نصف المدة المطلوبة للممارسة .

٧- لاتمنح إجازة ممارسة العمل الـمختبرى لخريجى كلية التربية بجميع فروعهاحسب الـمادة (٨٨) مـن قانون الصحة العامة رقم ٨٩ لسنة١٩٨١الـمعدل وقانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٠ قانون التـدرج الوظيفي لخريج كلية العلوم ( الكيمياء و البايولوجى ) لأقليم كوردستان — العراق .

٨- بالنسبة لاصحاب الشهادات العليا على ملاك وزارة التعليم العالي والبحث العلـمي يجب ان يكون له ممارسة فعلية في مختبرات الـممارسة التابعة لوزارة الصحة لـمدة سنة بعد حصوله على شـهادة الدكتورا و سنتان بالنسبة لحامل شهادة الـماجستير.

**الـما دة الرابعة :-**

لا تمنح إجازة ممارسة العمل الـمختبرى في فرع النسيج الـمرضى و الفحص الخلوى إلا للأطباء فقط ممن تتوفر فيهم الشروط الـمنصوص عليها في هذه التعليمات .

**الـمادة الخامسة :-**

يشترط في طالب إجازة ممارسة العمل الـمختبرى أن يكون :-

١- مجازآ بممارسة الـمهنة من النقابة الـمختصة أو من الوزارة للذين ليس لديهم نقابات .

٢- أن يكون عراقي الجنسية .

**الـمادة السادسة :-**

يمنع الـمجاز بفتح مختبر من ممارسة عمل مهنى آخر تسمح به الشهادة الجامعية الاولية التى حـصل عليها للعمل في محل آخر .

**الـمادة السابعة :-**

لا يجوز فتح المختبر إلا في مركز المحافظة أو القضاء الذى يعمل فيه الـمجاز صباحآ، وإذا كان طالب الاجازة محالا على التقاعد فيجب ان يعمل الـمجاز في محل إقامته الدائمة بتأييد من الجهات الرسمية.

**الـمادة الثامنة :-**

لا يجوز للـمختبر إجراء التحليلات الـمرضية الـمختبرية في غير الفروع الـمختبرية الـمجاز بها على ان تثبت تلك الفروع على لافتات و مطبوعات الـمختبر و تعلق قائمة بالتحاليل الـمجاز بإجرائها و أسعارها في محل بارز في الـمختبر .

**الـمادة التاسعة :-**

عند تغيب صاحب الاجازة عن مختبره عليه ان يخبر الجهة الـمختصة في الوزارة بذالك تحريرياَ و في حالة رغبته في إستمرار العمل في الـمختبر عليه ان يوفر البديل عنه من الـمجازين بـنفس إ ختـصاصه و إستحصال موافقة الجهة الـمختصة في الوزارة على ذلك و بخلاف ذلك عليه غلق الـمختبر طيلة فـترة غيابه .

**المادة العاشرة :**

يجب أن تتوفر في المحل كافة الاجهزة و المواد المختبرية التى تتطلبها فرع او فروع إختصاصه التى تحددها الوزارة حسب المادة (٨٩) و(١٠٥) من قانون الصحة العامة رقم ٨٩ لسنة١٩٨١ المعدل

**المادة الحادية عشرة:-**

تطبق هذه التعليمات على العاملين في مختبرات المستشفيات الاهلية او أى مختبر يقوم بإجراء الفحوص المختبرية السريرية للمرضى لقاء ثمن .

**المادة الثانية عشر :-**

على اللجنة العلمية العليا للمختبرات في الوزارة تحديد مختبرات الممارسة المعترف بها و التى تتمتع بالأهلية العلمية الطبية لممارسة الإختصاص او التدريب على الفحوص السريرية المرضية .

**المادة الثالثة عشر :-**

عند غلق المختبر بسبب تغيير المكان المتخذ مختبرا أو بسبب فك الشراكة بين الشركاء. يجب تقديم معاملة جديدة لفتح المختبر في المكان التي يستخدم مختبرا أو مع الشركاء الجدد واجراء الكشف الأولي والثانوي مرة أخرى بعد مرور ٤٥ يوما من فك الشراكة أو تغيير المكان السابق.

**المادة الرابعة عشر: -**

يتم تجديد إجازة المختبر خلال شهرى كانون الثانى او شباط كل سنتين في قسم المختبرات في الوزارة

**المادة الخامسة عشر :-**

للوزير أن يلغى الإجازة الصادرة بمقتضى هذه التعليمات في الحالات التالية :-

**أولاً:** إذا ثبت أن الإجازة أعطيت إستناداَ الى بيانات غير صحيحة .

**ثانياً:** إذا زال شرط من الشروط التى أعطيت بموجبها الإجازة .

**ثالثاً:** فقدان الأهلية القانونية لحامل الإجازة .

**المادة السادسة عشر :-**

صاحب المختبر مسؤول عن الاعمال في مختبره وعليه مراعاة ما يلى :-

**أولاً :** التقيد بأداب المهنة و عدم مخالفة القوانين و الآنظمة .

**ثانياً:** عدم إجراء فحوص غير مسموح له بإجرائها .

**ثالثاً:** التقيد باسعار الفحوصات المختبرية الصادرة من الوزارة .

**رابعاً:** لا يجوز إستعمال المختبر إلأ للغايات المختبرية التشخيصية الطبية .

**الـمادة السابعة عشر :-**

تطبق بحق الـمخالف لهذه التعليمات العقوبات الواردة في الـمادة (٨٩) و (٩٦) مـن قـانون الـصحة العامة رقم ٨٩ سنة ١٩٨١الـمعدل .

**الـمادة الثامنة عشر :-**

تلغى كافة التعليمات الخاصة بالـمختبرات الصادرة سابقآ تنفذ هذه التعليمات إعتبـاراً مـن تـأريخ نشرها في جريدة (وقائع كوردستان).

**د.ريكەوت حمەرشيد كريم**

**وزيـر الصحة**

**برلـمان كوردستان – العراق**
**رقم :٥٦٧٨ في ٢٠١٢/١٠/٩**

## بيان

استناداً الى حكم الـمادة (٨) من القـانون رقـم(٤) لـسنة ١٩٩٩ قـانون النـشر في الجريـدة الرسميـة (وقائع كوردستان ) ولورود خطأ مادي في الـمادة (٣/حادي عشر ) من القانون رقم (٦) لسنة ٢٠٠٩ ( قانون وزارة الداخلية لأقليم كوردستان – العراق ) علـماً أن الخطـأ قـد ورد في القـانون وبالـشكل الآتي:

**حادي عشر** : الـمديرية العامة لـمتابعة العنف ضد الـمرأة

لذا فقد أرتؤي ان يصحح الخطأ بالشكل الآتي

**حادي عشر**: الـمديرية العامة لـمكافحة العنف ضد الـمرأة

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتير برلـمان كوردستان - العراق**

**برلـمان كوردستان – العراق**

**رقم :٥٧٩٤ في ٢٠١٢/١٠/١٦**

## بيان

إستناداً الى حكم المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ قانون النشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان ) ، ولورود خطأ مادي في المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٢ (قانون تعديل تطبيق قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (٣٩) لسنة ١٩٧١ المعدل في اقليم كوردستان – العراق ) علماً ان الخطأ قد ورد في النص العربي والكوردي من القانون وبالشكل الآتي :

- ( تطبق المادتين الحادية عشر والثانية عشر من هذا القانون وتعتبر نافذة في اقليم كوردستان – العراق كجزء متمم للقانون رقم (٣٩) لسنة ١٩٧١

لذا فقد ارتؤي ان يصحح الخطأ بالشكل الآتي :

- ( تطبق المادتين التاسعة والعاشرة من هذا القانون وتعتبر نافذة في اقليم كوردستان – العراق كجزء متمم للقانون رقم (٣٩) لسنة ١٩٧١ ) .

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتير برلـمان كوردستان - العراق**